# بەیەکگەیشتنی یەشار کەمال و گۆنتەر گراس

**و. ئاکۆ عەبدوڵا**

دوو شاعیر کە دەسەڵاتی زمانەوانییان هەیە، دوو هزرمەند کە بۆچوونی جیاواز لە ئاستیاندا هەیە. ئەم دوو ئەدیبە گەورەیە یەشار کەمالی نووسەری گەورەی کوردی باکوور - تورکیا و گۆنتەر گراسی نووسەری گەورەی ئەڵمانین، لەسەر بانگهێشتی ئەکادیمیای هونەر لە بەرلین بەیەکگەیشتن. لەم دیدارە گفتوگۆ لەبارەی پەیوەندی نێوان ئەدەب و سیاسەتدا کرا. ئەم دوو نووسەرە گەورە، تەنیا توانستی رۆماننووسی لە گێڕانەوە و زمانە روون و ئاسانەکانیان بەیەکەوە کۆیان ناکاتەوە، بەڵکو ئەمانە پسپۆرن لە پێکهاتەی نەژادی هەمە جۆر و بەیەکەوە ژیانی رەگەزە جۆراوجۆرەکان. لەم چەند دەیەی رابردوو، ژمارەیەکی کەم لە نووسەران هەن کاریگەری ئەدەبەکەیان وەک گۆنتەر گراس و یەشار کەمال بەئاشکرا دیاربێت، کە رۆمانەکانیان لەسەرتاسەری جیهان خوێنەرانیان هێنابێتە ناو ئەو جیهان و بارودۆخ و کەش و هەوایە پێشتر نەناسراوبوو. ئەو کەسەی بەناو نووسراوەکانی ئەم دوو نووسەرەدا شۆڕبێتەوە، بۆ گەشتێک دەڕوات کە سنوورە ئیقلیمییەکان رەتبکاتەوە و کۆتە نادیارەکانی نێوان بەربەستە کۆمەڵایەتییەکانیش ببڕێت.



رۆمانە سەرەکییەکەی گۆنتەر گراس (تەپڵی تەنەکە)، وێنەیەکی کۆنی ئەڵمانیای ئاشکرا کرد، لەگەڵ ئەمەش گەنجینەیەکە لە زمان و ناسنامەی (کاشوبییە) ونبووەکان کە بەشێوەیەکی ئەدەبی لەم کارەیدا نەمری کرد. بەهەمان شێوە رۆمانە ناودارەکەی یەشار کەمال (حەمەدۆک)، تا ئاستێکی بەرز ستاتیکای شیعری تێدایە و لە هەمان کاتیشدا رەخنەی کۆمەڵایەتی شۆڕشگێڕی گرتۆتەخۆ. لەم رۆمانەدا یەشار کەمال ئاماژە بە ریشاڵی ورد و لووسی زمانەوانی دەدات، بە جۆرێک خوێنەر بتوانێ هەناسەیەکی ناسک هەڵبمژێ کە لە مێرگوزاری جاترەی ناوچەی جۆکۆرۆڤانی بانی ئەنادۆڵ هەڵدەکات. ماوەیەکی درێژیشە حەمەدۆکی پاڵەوانی رۆمانەکەی یەشار کەمال کە لە ساڵی 1955 نووسیویەتی، ئەو کەسایەتییە خەیاڵییە، بۆتە سیمبول. ئەمڕۆ نزیکەی 10 هەزار گۆڕ هەیە، خەڵکی لە وڵاتی تورکیا بە گۆڕی ئەو یاخییە گریمانەییەی دادەنێن. هێشتاش خەڵکێکی زۆر لەو بڕوایەن حەمەدۆک لەوە زیاترەی کە تەنیا پاڵەوانێکی خەیاڵاوی ناو رۆمان بێت.

**ئەزموونی جۆراوجۆری کەلتووری**

ئەم دوو نووسەرە کورد و ئەڵمانییە، تەنیا توانستی رۆماننووسی لە گێڕانەوە و زمانە ئاشکراکەیان، بەیەکەوەیان کۆناکاتەوە، بەڵکو ئەوان شارەزان لە پێکهاتەی نەژادی و جۆراوجۆری و بەیەکەوە ژیانی رەگەزە هەمە گەشنەکان. بە رقلێبوونەی تا هەتایی لە نێوان کەمینە نەژادییە جۆراوجۆرەکان. ئەم دوو نووسەرە، کوردی – توورکی و ئەڵمانییە، ئەزموونە جۆراوجۆر و کەلتووریەکەیان گواستەوە ناو ئەدەب، هەروەها لە (نیوەی) نیشتیمانەکەیاندا، کاریگەرییان لە گۆڕەپانی رۆشنبیری هاوچەرخدا کرد. کەواتە لەگەڵ بوونی زۆر لە نیشانەی هاوبەش لەنێوانیاندا، مایەی سەرسووڕمان نییە ئەگەر گۆنتەر گراس و یەشار کەمال هاوڕێبن و خاڵی هاوبەشیش لە نێوانیاندا هەبێ. هەروەک چۆن گۆنتەر گراس بەبێ زۆر لەخۆکردن لەکاتی بەیەکگەیشتنەکەیان لە بەرلین وتی :» ئێمە بە خۆمان وەک ئەدیب لە ناخی سیاسەت بەیەک دەگەیەن». هەروەها گۆنتەر گراس وتەیەکی ستایشکردنانەشی پێشکەش کرد کاتێک یەشار کەمال لە ساڵی 1997 خەڵاتی ئاشتی لە یەکێتی بڵاوکەرەوەکانی ئەڵمانی وەرگرت.

**هەڵوەشاندنەوەی سەردەمی دوژمنایەتی هەتاهەتایی**

لە رابردوودا چالاکییە کۆمەڵایەتییەکانی یەشار کەمالی نووسەر ، بەبێ بەربەست و سزا ئەنجامنەدەرا. چەندان جار بە هۆی قەناعەت و بۆچوونەکانی خرا بەندیخانە. دواجار لە ساڵی 1995 دادگەی توورکی بڕیاری قەدەغەکردنی بۆ ماوەی 5 ساڵ نووسین لە بارەی کوردی، بۆ دەرکرد. دوو ساڵ دوای ئەم بڕیارە، یەشار کەمال وتی : «هەرگیز لەو وڵاتە خۆشنابم». ئەمە ئەو کاتە بوو کە بۆی دەرکەوت، دادگە لە نوێ رۆشنبیرە چەپڕۆ نابینایەکە (ئیسبەر یەغموردرلی) ی خستەوە بەندیخانە. لەو ساوە، ساڵانێک لەم وڵاتە تێپەڕین. وڵاتی تورکیا لە سەر ئاستی سیاسی و کۆمەڵایەتی، زۆر گۆڕا.

لەگەڵ ئەمەشدا تەنیا جەماوەری تورکیا بەوە سەرسام نەبوون یەشار کەمال لە کۆتایی ساڵی رابردوو یەکەم کەس بێت سەرۆکی وڵات خەڵاتی رۆشنبیری پێببەخشێ کە ئەم خەڵاتە بەم دواییە داهێنرا. زیاتریش چاودێران دۆشداماں لەوەی چۆن یەشار کەمال خەڵاتەکەی لە سەرۆک عەبدوڵا گویل رەتنەکردەوە. یەشار کەمال دواتر رایگەیاند لەسەرەتا دەیەویست خەڵاتەکەوە وەرنەگرێ، بەڵام دواتر پاش بیرکردنەوە بڕیاریدا – دوای کۆمەڵێک ئامۆژگاری نوێ و رازیکردنی لەلایەن راوێژکارەکانی عەبدوڵا گویل پێدەگات، بەوەی رێگای هیوای بۆ دەکەنەوە. یەشار کەمال وتی : «پێویستە ئەم خەڵاتە ببێت بە ئاماژە بۆ کردنەوەی رێگا بەرەو ئاشتی کۆمەڵایەتی».

**دوورکەوتنەوە لە روانیینە کەلتوورییە یەکلایەنییەکە**

لە بەرلین باس لە بەخشینی ئەو خەڵاتە رۆشنبیریە بە یەشار کەمال نەکرا، نە بەڕێوەبەری کۆبوونەوەکە (عوسمان ئەوکان) لە مونتەدای کەلتووری ئەڵمانی و تورکی و نە هاوڕێ نووسەرە ئەڵمانییەگەی، گۆنتەر گراس. بەڵکو لە شوێن ئەمە ئامادەبوون باسیان لەو شێوەیە کرد کە پێویستە ئاشتی کۆمەڵایەتی لە هەردوو وڵاتەکە لەسەری بوەستێ. هەردوو نووسەری ناوبراوش وتیان: «کاتی ئەوەیە هەر یەک لە تورکیان و ئەڵمانیا لە (روانینی یەکلایەنە لە کۆمەڵگە) دوورکەونەوە. ئەوەشیان روونکردەوە. نە لێرە و نەلەوێ، لە هیچ سەردەمێک بەیەکەوەگونجانی زمانەوانی یان کەلتووری نەبووە. هەردوو نووسەرەکەش کۆکبوون لەسەر ئەوەی باشرە نکۆڵی لەو جۆرەوجۆرییە کەلتووریە نەکرێت، بەڵکو پێویستە وەک دەوڵەمەنکردن لێیبڕوانرێت. گۆنتەر گراس ئاماژەی بەوەشدا، ئەدەبی ئەڵمانی زۆر دەوڵەمەندکرا لە رێگای بەرهەمەکانی کۆچەرەکان و رۆڵەکانیان. هەروەها وتی : «بەڵام ئەدەب و کۆمەڵگە، بە هۆی دابڕان و چەوساندنەوە زۆر لەم توانستە زۆرانە لە دەستدەدەن «.

لە پێناو داننان بە کەمینە کەلتووریەکان یەشار کەمال لە دیدارەکەدا روونیکردەوە، داننانی تورکیا بە هەموو کۆمەڵە جۆراوجۆرەکانی دانیشتوانەکەی و کەمینە نەژادییەکانی ناوی، بۆ تورکیا وەک پرسی مانەوە وایە. وتیشی ئەمە لەسەر تورک و لەسەر کورد پراکتیزە دەبێ. ئاماژەی بەوەشدا ئەو وەک نووسەرێک دەتوانێ بەشێوەیەکی زۆر باش پێشبینی قەبارەی ئەو زیانە بکات کە بە زمانی کوردی گەیشتووە بە هۆی ئەو قەدەغەکردنەی کە ماوەیەکی درێژ لە تورکیا بەردەوام بوو. وتیشی « لەبەر ئەم هۆیەشە لە تورکیا بەرهەمی گرنگ نابینی بە زمانی کوردی نووسرابێ». هەروەها ئاماژەی بەوەشدا خودی خۆی، بە مەبەستی نووسینی بەرهەمەکانی، ناچاربوو روو لە کەلتووری زمانی تورکمانی دەوڵەمەند بکات.

ناوەڕۆکی قسەکانی ئەم دوو رۆماننووسە ئەوەیە کۆمەڵگە و ئەدەب زۆر بە توندی پێکەوە لکاون. گۆنتەر گراس وتی : «ئەدەب هەردەم باس لە رەتکردنەوە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان دەکات».

**هێزی شاعیران و هزرمەندان**

لە کاتی بەیەکگەیشتنەکەی ئەم دوو کەڵە ئەدیبە لە بەرلین ئەدەبی هاوچەرخ لە هۆڵە جەنجاڵەکە، گیانی زیندەگی و خرۆشی گەنجانی بۆ تێکۆشان بڵاوکردەوە، هەروەها لەکاتی واژۆکردنیەکەیان لەسەر رۆمانەکانیان کە خوێنەران بە گەرمییەوە پێشوازییان لێکرد. گۆنتەر گراس کە تەمەنی 81 ساڵە، بەر لە هەموو شتێک رەخنەی لە حکومەتی ئەڵمانیای یەکگرتوو گرت و ئاماژەی بە مامەڵەکردنی تورکیاش لە پرسی ئەو قەسابخانەیەی کە دووچاری ئەرمەنییەکان بوون کرد. ئەم نووسەرەی کە وەرگری خەڵاتی نۆبڵە، ئەو رووداوەی بە (لەناوبردنی بە کۆمەڵ) وەسفکرد.

یەشار کەمالیش جارێکی دیکە ئاماژەی بەوەدا (بەندیخانە قونابخانەی نووووسەرانی تورکیایە) ناوبراو کە ئەوسا تەمەنی 85 ساڵ بوو وتی : «هەردەم دەبین بە چقڵ لە چاوی بەهێزەکان». ئاماژەی بە پێشڕەو و پێشەنگەکەی خۆشی (جەواد شەکیر) دا کە دەڵێت : ئەوانەی گۆرانییەکانی گەل دەنووسن زۆر بەهێزترین لە وانەی یاساکان دروست دەکەن.

**تێبینی ئەم بابتە ئاریانا میرزا نووسیویەتی و رائد الباش وەریگێڕاوە بۆ عەرەبی و ئێمەش وەرمانگێڕاوە.**

*** لەبەر قەدەغەکرنی بەکارهێنانی زمانی دایک، بەرهەمی گرنگ لە تورکیا نابینی بە زمانی کوردی نووسرابێ**

*** ئەوانەی گۆرانییەکانی گەل دەنووسن زۆر بەهێزترین لە وانەی یاساکان دروست دەکەن.**

*** یەشار کەمال لەو کەسانەبوو کە بانگەوازی بۆ ئاشتی کۆمەڵایەتی و پێدانی مافەکان بە کەمینەکان دەکرد**